# پڕاگماتیکی فەرهەنگیی هەمبەربە سیمانتیکی فەرهەنگیی


سازان زاهیر سەعید [1]

[1]بەشی کوردی،کۆلێژی زمان،زانکۆی سلێمانی،سلێمانی، هەرێمی کوردستان، عێراق

Corresponding author's e-mail: sazan.mohammad@univsul.edu.iq



## پوختە

توێژینەوەکە بەناونیشانی (پڕاگماتیکی فەرهەنگیی هەمبەربە سیمانتیکی فەرهەنگیی)، لە سنوری دوو بەشداو بەپێی ڕێبازی (پەسنی شیکاریی)ی، ئەنجامدراوە. توێژینەوەکە بەگشتی تیشکدەخاتەسەر دیاریکردن و دەستنیشانکردنی ئەوگۆڕانە واتاییانەی لە چێوەی پڕاگماتیکی فەرهەنگیدا ڕوودەدەن، لەوەشەوە ئەگەری بەلێکسیمبوونی فۆرمە واتا_گۆڕاوەکان، چاوەڕوانکراو و پێشبینیکراو دەبێت، ئەمەش هۆکارو ڕێخۆشکەر دەبێت لە دیاریکردن و خستنەڕووی خاڵە جیاوازەکانی نێوان سیمانتیکی فەرهەنگیی و پڕاگماتیکی فەرهەنگیدا، کە تەوەری سەرەکیی توێژینەوەکە پێکدەهێنن.



## المُستخلص

هذا البحث الّذي يحمل عُنوان (الفرق بين التَّداوليَّة المُعجميَّة وعلم الدّلالة المُعجميّ) مُحاولة لوصف التَّداوليَّة المعجميَّة مُتعلّقةً بتغيير المعنى، مع توضيح الفرضيَّة المعجميَّة، هذا من ناحية، ومن ناحية أخرى حُدِّد خط الاختلاف بين علم الدّلالة المعجميّ والتَّداوليَّة المعجميَّة. ولذا يتكون البحث من فصلين: خُصِّص الفصل الأوَّل، لتحديد إطار علم الدّلالة المُعجميّ مُرتبطًا بشرط حقيقة الوحدات المُعجميَّة، فضلاً عن إبراز كيفيَّة حدوث التغايير في المعنى. والفصل الثّاني، خُصِّص لعرض التَّداوليَّة المعجميَّة وتحليلها، مع شرح تغيير المعنى وَفقًا لـ (توسع وتضييق المعاني).



## Abstract

This research is entitled (The difference between Lexical Pragmatics and Lexical- Semantics). It is an attempt to describe Lexical Pragmatics related to change meaning, Later lexicalization hypothesis of them were illustrated. Thus, determine the difference line between Lexical- Semantics and Lexical Pragmatics. The research consists of two chapters, the first chapter, specialize in determining of Lexical- Semantics domain related to truth condition of lexemes and in the second chapter, the principles were shown which are the mechanism of producing Lexical Pragmatics, in which change meanings according to (expanding and narrowing) and analyzing.



| گۆڤاری زانکۆی هەڵەبجە:گۆڤارێکی زانستی ئەکادیمیە زانکۆی هەڵەبجە دەری دەکات | |
|---|---|
| بەرگ | ٥ ژمارە ٣ ساڵی(٢٠٢٠) |
| ڕێککەوتەکان | ڕێکەوتی وەرگرتن:٢٠٢٠/٦/١٧ \| ڕێککەوتی پەسەندکردن:٢٠٢٠/٧/٨ \| ڕێککەوتی بڵاوکردنەوە:٢٠٢٠/٩/٣٠ |
| ئیمەیلی توێژەر | sazan.mohammad@univsul.edu.iq |
| مافی چاپ و بڵاوکردنەوە | ©٢٠٢٠ م.د.سازان زاهیر سەعید، گەیشتن بەم توێژینەوەیە کراوەیە لەژێر ڕەزامەندی CCBY-NC_ND 4.0 |

**کلیلەوشە: مەرجی ڕاستەقینە، سیمانتیکی فەرهەنگیی، فراوانکردنی واتایی، تەسککردنەوەی واتایی، پڕاگماتیکی فەرهەنگیی.**

ئەم توێژینەوەیە بەناونیشانی (پڕاگماتیکی فەرهەنگیی هەمبەربە سیمانتیکی فەرهەنگیی)، لەلایەکەوە هەوڵێکە بۆ پەسنکردنی پڕاگماتیکی فەرهەنگیی پەیوەست بەو گۆڕانە واتاییانەی تێیدا ڕوودەدەن، پاشانیش گریمانەی بەلێکسیمبوونیان، لەلایەکی دیکەشەوە، دەستنیشانکردنی هێڵی جیاکەرەوەیە لەنێوان سیمانتیکی فەرهەنگیی و پڕاگماتیکی فەرهەنگیدا. بۆئەوەش، توێژینەوەکە لە دوو بەشداو بەپێی ڕێبازی (پەسنی شیکاریی) ئەنجامدراوە. بەشی یەکەم، تایبەتەبە دیاریکردنی چێوەی سیمانتیکی فەرهەنگیی پەیوەست بە مەرجی ڕاستەقینەی لێکسیمەکانەوە، دواتر خستنەڕووی چۆنیەتیی ڕوودانی گۆڕانە واتاییەکان تێیدا. بەشی دووەمیش، کە تەوەری سەرەکیی توێژینەوەکەیە، بۆ نیشاندان و شیکردنەوەی پڕاگماتیکی فەرهەنگیی تەرخانکراوە، تێیدا گۆڕانە واتاییەکان بەپێی (فراوانکردنی واتایی و تەسککردنەوەی واتایی) ڕاڤەکراون. نموونەو بەڵگەکانی توێژینەوەکەش، لەزمانی ئاخاوتنی ڕۆژانەی شێوەزاری سلێمانییەوە وەرگیراون و تاقیکراونەتەوە.

### ١/١ وشە پەیوەست بە واتاوە_ وشەی سیمانتیکیی

وشەکانی هەر زمانێك، وەك لێکسیم لەناو فەرهەنگی ئاوەزییدا گەنج و تۆمارکراون، بەوپێیەش هەریەکەیان خاوەنی واتای فەرهەنگیی _لێکسیکیی_ و کرۆکەواتای دیاریکراو و تایبەت بەخۆیانن. لەمڕووەوە "واتای فەرهەنگیی واتای کاتەگۆرییە/ پۆلە ڕەگەزە کراوەکانی >>ناو، ئاوەڵناوو ئاوەڵکردارو کردار<< دەگرێتەوە، کە لە فەرهەنگدا دیاریکراون." (مەحوی، بەرگی دووەم، ٢٠٠٩، ٣٠)

واتای فەرهەنگیی، وابەستەی ئەو زانیارییە واتاییانەیە، کە خودی وشەکان لەبنەڕەتدا هەیانە، ئەوانیش لەڕێی دیاریکردنی ژمارەیەك لە نیشانەی واتاییەوە دەناسرێنەوەو واتاو ناوەڕۆکی وشەیان پێپەسندەکرێت، بەوەش "لێکسیمێك لەڕێی کرۆکەواتاوە لەناوکۆمەڵە لێکسیمەکاندا بە جیهانی یان دنیای دەرەوەوە بەستراوە". (مەحوی، بەرگی دووەم، ٢٠٠٩، ٧٤). کەواتە ئاخێوەری زمان بەهۆی هەبوونی زانیاریی لەبارەی کرۆکەواتای فەرهەنگیی وشەوە پەیوەست بە نیشانە واتاییەکانیانەوە، دەتوانێت دەستی بە واتا بنەڕەتییەکەی وشە بگات و بەدروستیی بەکاریبهێنێت. (ئەو نیشانە واتاییانەی نێو توخمە فەرهەنگییەکانیش، بە ڕەهەندیی واتایی Semantic dimension ناودەبرێن و بەهۆشیانەوە ناوکۆیی و جیاوازیی نێوانیان دەناسرێنەوە، وەك [± زیندوو، ±مرۆڤ، ± ڕەگەز، ± هاوسەرگیریی]). (عزوز، ٢٠٠٢، ٧٢_٧٤)

هەموو ئەو نیشانە واتاییانەش، کە پەیوەست بە کرۆکەواتا فەرهەنگییەکەی وشەوە دیاریدەکرێن، لە دەروازەی زانیاریی توخمەکاندا بۆ پەسنکردن و خستنەڕووی لایەنە سیمانتیکییەکەی وشە، هەڵدەگیرێن، کە دواتر لەڕێی دەربڕراوە زمانییەکان (دروستە مۆرفۆلۆژیی و دروستە سینتاکسییەکان)ەوە، سیمانتیکیانە دەنوێنرێن و بەرجەستەدەکرێن.

### ٢/١ چێوەی سیمانتیکی فەرهەنگیی

خستنەڕووی زانیارییەکانی سەرەوە پەیوەست بە واتای فەرهەنگیی وشەوە، بەرەو (سیمانتیکی فەرهەنگیی_ Lexical Semantics) ئاڕاستەماندەکات، چونکە وەك ئاماژەی پێدرا، واتای وشە لەڕێی چەپکێك نیشانەی واتایی دیاریکراوەوە زانراو و چەسپیوە، کە بە (سیمانتیکی فەرهەنگیی) لێکدەدرێتەوەو ڕاڤەدەکرێت. هاوکات "سیمانتیکی فەرهەنگیی، لێکۆڵینەوەی پێرەوبەندانەی واتایە پەیوەست بە تایبەتمەندییەکانی وشەوە" ((CRUSE, ٢٠٠٦, ٩٥، ئەمەش سەلمێنەری ئەو ڕاستییەیە، کە وشەکان بە تەواوی ئەدگارو تایبەتێتییە سیمانتیکییەکانیانەوە، لە سنوری سیمانتیکی فەرهەنگیدا لێیاندەکۆڵرێتەوە.

لەلایەکی دیکەشەوە، تیشکخراوەتەسەر ئەو بابەتە سەرەکییانەی، سیمانتیکی فەرهەنگیی، خۆی پێیانەوە خەریکدەکات و لە چەند خاڵێکدا خراونەتەڕوو. بڕوانە: (حەمەکەریم، ٢٠١٥، ٧٠)

١.چۆنیەتی دانانی باشترین شێوەی واتای وشەیەك.

٢.پەیوەندیی واتایی جێنشینی، وەك هاویێژو دژیەك و گرتنەوە.

٣.پەیوەندیی واتایی تەکنشینی.

٤.ئەو وەچە پێکهاتانەی، لە پێکهاتە سەرەکییەکەوە دروستدەبن.

٥.گۆڕینی واتای وشە بەتێپەڕبوونی کات.

٦.فراوانبوونی واتایی، وەك خوازەو خواستن.

سیمانتیکی فەرهەنگیی، بەشێکە لە واتای وشە، یاخود لەنێو واتای وشەدا چوارچێوەبەند دەکرێت، بەمپێیە لێکۆڵینەوەیە لە هەموو ئەو چەمکانەی لەژێر ناوێکدا کۆدەکرێنەوە، هەروەك هەموو ئەو وشانەی لە زماندا هەڵگری چەمکن. (ئەحمەد، ٢٠١٣، ٣٣). لەمەوە (چەمك) بە یەکەی سەرەکیی لێکۆڵینەوە لە بواری سیمانتیکی فەرهەنگیدا هەژماردەکرێت، بەو واتایەی، "سیمانتیکی فەرهەنگی، ڕۆڵی گرنگی هەیە لە گەیاندنی چەمکەکاندا" (حەمەکەریم، ٢٠١٥، ٧١)

ئەوەی زمانەوانانی بواری هێمالۆژیی ئاماژەیان پێکردووە، ئەوەیە، کە بۆ هەموو هێمایەکی زمانیی، مەرجی هەبوونی هەردوو دیوی فۆڕم و واتا/ چەمك لەئارادایە، بەجۆرێك "فۆڕمی هێما بەبێ >>ناوەرۆکی هێما<< فۆرمێکی بۆشە- توێکڵە وشەیەکە. فۆڕمی ناوەرۆکیش بەبێ >>دەربڕین/ عیبارە<<، یەکەیەکە، بۆ ناولێنان لەبارنییەو ناتوانرێت ناوی لێبنرێت." (مەحوی، بەرگی یەکەم، ٢٠٠٩، ٧٩). بەوەش، ئەوکاتە دروستەیەکی دەنگیی بە هێما دادەنرێت، کە پەیکاڵی چەمك و بیرێکی دیاریکراو بێت لە زماندا. چەمکیش، تەواوی ئەو زانینانە دەگرێتەوە، کە بەدیاریکراویی لەبارەی وشەیەکەوە لە ئاوەزی ئاخێوەردا هەن و هەڵگیراون، هەروەك زانین و زانیارییمان لەسەر واتای فەرهەنگیی وشەیەك پەیوەست بە سیمانتیکی ئاماژەبەندییەوە، دەربڕی چەمکی وشەکەیەو بەهۆشیەوە پەیوەندیی ئاماژەبەندیی لەنێوان خودی وشەکەو واتاکەیدا دروستدەبێت.

سەرباری ئەو بۆچوونەی سەرەوە، پەیوەست بە چەمکەوەو لەسەر ئاستی زمانەکان بەگشتیی، ئەوە خراوەتەڕوو، کە "هەروەك چۆن لە زماندا زۆر چەمك هەن لە دروستەیەکی فۆنەتیکیدا دەنوێنرێن، دەکرێت زۆر چەمکیش هەبن، کە کتومت پەیکاڵ بە دروستەیەکی فۆنەتیکی، نەبن" (ئەحمەد، ٢٠١٣، ٣٣). ئەمەش پەیوەندیی بە جیاوازیی کەلتوورو بیرکردنەوەو ئاوەزمەندیی ئاخێوەرانی زمانە جیاوازەکانەوە هەیە لە پرۆسەی هەڵگواستن و فۆرمداڕشتنی چەمکەکاندا، ئەم جیاوازییەش، دەتوانرێت بەڕوونیی لە بەراوردی فەرهەنگی زمانەکاندا بەدیبکرێت. هەر ئەوەشە نابەرامبەریی، یان ناپەیکاڵبوونی فۆڕم و واتای دروستەی زمانیی لە زمانێکەوە بۆ زمانێکی دیکە چێکردووە. بۆ نموونە ئەو وشانەی لەزمانی کوردیدا چەمکیان هەن و بێ دروستەو فۆڕمی فەرهەنگیین، کەلێنی وشەیی_فەرهەنگیان دروستکردووە، بۆیە دروستەی فۆڕمەکانیان لە زمانانی دیکەوە وەردەگیرێن و بەکاردەهێنرێن. بۆ نموونە وشەی /کەرەنتین_ Quarantine /، لە بنەڕەتدا بە واتای جیاکردنەوەو دابڕکردنی نەخۆش دێت لەکەسانی تەندروست بە مەبەستی ڕێگریکردن لە بڵاوبوونەوەو تەشەنەسەندنی نەخۆشییەکە، هەروەها وشەی /بایکۆت_ boycott/، کە چەمکەکەی، بڕینی پەیوەندیی، یان قەدەغەکردنی مامەڵەیە لە هەر بوارێکدا.

جێی سەرنجە، ئەو چەمکانەی ئاماژەیانپێدرا، لە زمانی کوردیدا هەن، بەڵام دروستەیەکی دەنگییان بۆ دانەڕێژراوە، بۆیە سوود لە زمانی ئینگلیزیی وەرگیراوە بەهۆیەوە بۆشاییە دروستەییەکەی پێ پڕکراوەتەوە، ئەمەش پەیوەندیی بە جیاوازیی ڕووبەرو چێوەی فەرهەنگیی نێوان هەردوو زمانەکەوە هەیە.

### ٣/١ مەرجی ڕاستەقینەی وشە لە سیمانتیکی فەرهەنگیدا

سیمانتیك وەچەپێڕەوێكی زانستی زمانەو خۆی بە لێكۆڵینەوەو ڕاڤەكردنی پێڕەوبەندانەی واتاو ناوەڕۆكی دەربڕراوە زمانییەكانەوە خەریكدەكات.

هەندێك لە زانایانی بواری لێكۆڵینەوەی سیمانتیكی، لێكۆڵینەوە لە واتا، بە كرۆكەواتاو مەرجی ڕاستەقینەی زمانەوە پەیوەستدەكەن. Akmajian, & Demers, ١٩٩٧, ٢١٢) (، تێیدا، هەبوونی مەرجی ڕاستەقینە truth Condition ی وشە، بە هێڵی جیاكەرەوەی سنوری نێوان واتای سیمانتیكی و پراگماتیكی، دادەنێن. لەورووەشەوە، "پراگماتیك گشت واتایە/ واتا گشتەكەیە بەبێ مەرجەكانی ڕاستیی_ پێكان" (مەحویی، بەرگی دووەم، ٢٠٠٩، ٢٣٥)، ئەمە پێماندەڵێت، پراگماتیك هەڵگری واتایەكی دابڕاوە لە مەرجی ڕاستەقینەی بەكارهێنانە سیمانتیكییەكەی وشە، بەوەش نابێتە مەودای نواندن و نیشاندانی بەهای ڕاستەقینەی توخمە فەرهەنگییەكان وەكئەوەی لە دونیای ڕاستی و ڕاستەقینەدا هەن و زانراون و دركیانپێدەكرێت، بەڵكو لەبەرامبەردا مەرجەكانی بەكارهێنان، وەك پێوەری سەرەكی و بنەڕەتیی نێو مەودا پراگماتیكییەكە تاقیدەكرێنەوەو كاریانپێدەكرێت.

لەم ڕوانگەیەوە /شاخ/ بەهۆی بوونی بەهاو مەرجی ڕاستەقینەی (بەرزێتیی)یەوە دەناسرێتەوە، /ڕەشكە/ بەهۆی (ڕەشێتیی)و /مشار/ بەهۆی (تیژێتیی)و /گیا/ش بەهۆی مەرجی ڕاستەقینەی (سەوزێتیی)یەوە.

گرنگە ئەوەش بگوترێت، دەستنیشانكردنی مەرجی ڕاستەقینە _حەقیقەت_ی وشەو هێما زمانییەكان، نرخ و بەهای زانین و كۆزانیاریمان لەبارەی بەكارهێنان و بەرجەستەكردنیانەوە دەستەبەردەكات، هەربۆیە ئاخێوەری زمان، توانای بەكارهێنانی سیمانتیكییانەی وشەكانی بە مەرجە ڕاستەقینەكەی خۆیانەوە هەیە، لەتەكئەمەشدا بەدەر لە واتای فەرهەنگی و بەهای ڕاستەقینەی وشەكان، دەسەڵاتی بەستنەوەو گرێدانیان بە دەوروبەرەوە پەیوەست بە زانیاریی دونیایی جۆراوجۆرەوە، چەمك و بەكارهێنانە پراگماتیكییەكەیان فەراهەمدەكات. لەمڕووەوە، گازدەر ١٩٧٩ بۆچوونی وایە، لادان لە مەرجی ڕاستەقینەی سیمانتیكیی وشە، هەلی بەكارهێنانی پراگماتیكییانەی زمان دەرەخسێنێت. -Levin ) (son, 1997, 12

شیكردنەوەو ڕاڤەكردنەكانی سەرەوە ئەوەمان پێدەڵێن، كە وشە لە ئاستی سیمانتیكدا، خاوەنی مەرج و بەهای ڕاستەقینەو گونجاوە، ئەم بەهایەش، لەلایەكەوە بەكارهێنانی لۆجیكیی وشەكە دەستەبەردەكات، لەلایەكی دیكەشەوە وەك خەسڵەتی ناسینەوەی كەسێتیی وشەكە، لە دەروازە زانیارییەكەیدا پەسن و تۆماردەكرێت.

### ١_٣/١ فراوانبوونی واتایی لە سیمانتیكی فەرهەنگیدا

بەشێكی بنەڕەتیی لێكۆڵینەوەو شیكردنەوەی سیمانتیكیی دەربڕراوە زمانییەكان، لە سنوورو چوارچێوەی گۆڕانی واتاییدا پەسندەكرێت، كە بنەمای لۆجیكی زمانیی و نازمانیی، چۆنیەتیی و جۆری گۆڕانە واتاییەكان دیاریی و دەستنیشاندەكەن، جگەلەوەش، (مایەە) پێیوایە، لایەنەكانی (زمانەوانی، مێژوویی، كۆمەڵایەتی)، سێ هۆكاری بنەڕەتین لە خولقاندنی گۆڕانی واتاییدا. بڕوانە: (عمر، ١٩٨٢، ٢٣٢). بۆ ئەمەش، دەوروبەرو ڕەهەندە هەمەچەشنەكانی وەك (تێرامان، تێڕوانین و بیركردنەوە، ڕۆشنبیریی تاك، ئایین، ئایدۆلۆجیا، داهێنان، كەلتوورو تەقالیدە كۆمەڵایەتییەكان....هتد)، كاریگەریی بەرچاویان لەسەر گۆڕینی واتای وشەو هێنانەئارای گۆڕانی واتایی هەیە، لەمبارەیەشەوە، (جگە لە زمانەوانەكان، زانایانی ژیربێژیی و لۆجیك و دەروونناسییش، لە بواری سیمانتیكدا كاریانكردووەو تا ئەو ڕادەیەی، بوونەتە خاوەنی ڕێبازی دیاریكراوی خۆیان). بڕوانە: (محەمەد، ١٩٩١، ٦١)

مەبەست لە گۆڕانی واتایی، پەرەسەندنی بەكارهێنانی وشەیە، كە پەیوەست بە گۆڕانی پەیوەندیی واتایی نێوان ئاماژەو ئاماژەبۆكراوەوە ڕوودەدات، ئەویش وابەستەی ئەو گۆڕانكارییانەیە، كە پێویستیی كۆمەڵگا بۆ بەرهەمهێنانی چەمك و واتای نوێ، دەیانخوازێت، لێكەوتەكەشی، بەرهەمهێنان و دەركەوتنی واتایەكی نوێی جیاوازە لە كرۆكەواتای وشەكە.

لەبارەی جۆرەکانی گۆڕانی واتاییەوە، بۆچوونی جیاواز لەئارادایە، بەجۆرێك زمانەوانانی بواری واتا، دابەشکاریی جیاوازیان بۆ بابەتەکە کردووە. بڕوانە: (محەمەد، ١٩٩١، ٧٤)، (ئەوڕەحمان، ٢٠١٥، ٧٥_٨٥). گفتوگۆکردن لەسەر گۆڕانی واتایی، بەگشتی وابەستەی گرنگیدانە بە هەردوو دیاردەی (فراوانبوونی واتایی، تەسکبوونەوەی واتایی)، کە لای زۆرێك لە زمانەوانان بایەخپێدراوە، هەروەك لەم توێژینەوەیەشدا وەك تەکنیکەکانی گۆڕانی واتایی لە ڕاڤەکردنی نموونەو بەڵگەکاندا پشتیان پێبەستراوە، لەمڕووەشەوە، ئەدگاری نەرمی و لەباریی زمانی کوردیی، ڕێگەدەدات قسەکەر بەپێی پێویستیی دەوروبەری ئاخاوتنەکەی، فراوانکردن، یان تەسککردنەوە لە گۆڕینی واتای وشەو لێکسیمەکاندا، بەهۆی (میتافۆر، زیادەڕۆیی، گاڵتەجاڕیی و لەسکەدان)هوە، ئەنجامبدات.

ڕاستییەکی زانراو و بەڵگە نەویستە، واتای وشەکان بەردەوام لەگۆڕاندان، کە لەلایەك ژمارەی واتاکانی وشەیەك زۆردەبن و لەلایەکی دیکەیشەوە واتای نوێ دێنەپاڵ واتای بنجیی و فەرهەنگیی وشەکان. (مەحویی، بەرگی دووەم، ٢٠٠٩، ٣١_٣٢)، کە سەرئەنجام، دیاردەی فراوانبوونی واتایی لێدەکەوێتەوە. لەڕوانگەی سیماسیۆلۆجییەوە، گۆڕانی سیمانتیکی کاتێك ڕوودەدات، کە واتای دیاریکراوی فۆرمێك وەربگیرێت، یاخود تیابچێت، بەو واتایەی، گۆڕانی واتایی بە سنورداریی پەیوەستە بە گەشەکردنی چەمکی فۆرمی وشەیەکەوە. بۆ نموونە وشەیەکی وەك /ڤایرۆس_Virus/، یەکەم دەرکەوتنی بۆ دەقەکانی زمانی ئینگلیزیی ناوەڕاست دەگەڕێتەوە، کە بە واتای (ژەهری مار) هاتووە، دواتریش چەمکەکەی بۆ بواری پزیشکی وەرگیراوە، کە وردکەی زۆر بچووکن و هۆکاری بڵاوبوونەوەو تەنینەوەی جۆرەها نەخۆشین لەنێو گیانداراندا، بەڵام لە ئەمڕۆدا، واتایەکی پرۆتۆتاییی هەیەو لەسەر بنەمای فیچەری [+زیانبەخش]ی کرۆکەواتاکەی، پەلیکێشاوە بۆ بواری تەکنەلۆجیاو بەتایبەت کۆمپیوتەر، وەك دەوترێت /ڤایرۆسی کۆمپیوتەر/، کە پرۆگرامێکی دەرەکیی زیانبەخشەو وەك هۆکاری لەناوبردن، یان تێکدانی داتاو پرۆگرامەکانی کۆمپیوتەر، دروستکراوە. بڕوانە >>کۆمپیوتەرەکەم ڤایرۆس لێیداوە.<<، بە واتا کارکردنی وەك پێویست نییەو گرەنتیی پاراستنی زانیارییەکانیشی، ناکرێت. لەڕاستیدا ئەم گۆڕانە واتاییە، دیاردەی فراوانبوونی واتایی لەئاستی سیمانتیکی فەرهەنگیدا لێکەوتووەتەوە، ئەمەش پەیوەستە بەوەی، وشەکە واتا فەرهەنگییەکەی لەدەستنەداوە، بەڵکو فیچەری [+زیانبەخش]ی کرۆکەواتاکەی، بۆ داڕشتن و پەرەسەندنی واتا نوێکەی، سوودی لێبینراوە. بڕوانە: file:///C:/Users/Asia/Downloads/Documents/mscthesis.pdf

کەواتە فراوانبوونی واتایی، پەیوەستە بە فراوانبوونی مەوداو بواری بەکارهێنانی سیمانتیکیی وشەوە، بەجۆرێك مەوداکەی لە واتایەکی تایبەتی و دیاریکراوەوە، بۆ سنورێکی گشتی و فراوان هەڵدەکشێت، بەمەش واتای وشەکە لە سەردەمێکی دیاریکراودا سنوردار بووەو دواتر گەشەیکردووەو فراوانبووە. ئەم گۆڕانە واتاییە، دەشێت لە چوارچێوەی سیمانتیکی فەرهەنگیدا ڕووبدات، لەو ڕووەشەوە، کە "سیمانتیکی فەرهەنگی لە پەیوەندیی نێوان وشەکان و چەمکەکان لە بەکۆدکردنی کرۆکەواتای چەمکەکانیان دەکۆڵێتەوە" (ئەحمەد، ٢٠١٣، ١١٥)، وابەستەی ئەو فیچەرە واتاییانە دەبێت، کە وشەکە بە کرۆکەواتا/ واتا فەرهەنگییەکەیەوە خاوەنیەتی.

**١. گەڵای دارەکان وەریون.**

**٢. ئەمڕۆ گەڵا بەرزە !**

وشەی /گەڵا/ لە (١)دا، بە واتا فەرهەنگییەکەی بەکارهاتووە، بەوپێیەی ئەندامێکە لە کێڵگەی (ڕووەك)، بۆیە لە چوارچێوەی سیمانتیکی ئاماژەبەندیدا لێکدەدرێتەوە (بڕوانە نیشانە واتاییەکانی لە (٣)دا)، کەچی وەك نموونەی (٢) نیشانیدەدات، واتای هەمان وشە لەسەر بنەمای شێوەکەی و پەیوەست بە دونیابینیی ئاخێوەری کوردەوە، بۆ جۆرە دراوێکی بیانیی وەرگیراوە، کە (دۆلار)ە. (بڕوانە نیشانە واتایەکانی لە (٤)دا). وەك تێبینیدەکرێت، سنوورو مەودای بەکارهێنانی وشەکە، لە واتا بنەڕەتییەکەیەوە فراوانبووەو بۆ واتای تر بەکاردەهێنرێت، وێڕایەوەی، وشەکە بە هەردوو بەکارهێنانەکەیەوە لای ئاخێوەری کورد چالاك و باوە، لەگەڵئەوەشدا، کە هەردووکیان ناوەڕۆك و نیشانە واتاییەکانیان

لەیەکجیاوازن، بەڵام هەریەکەیان لەبوارو کێڵگەی واتایی خۆیدا پارێزگاریی لەمانەوەی خۆی کردووە، بۆیە پێشبینییدەکرێت وشەی /گەڵا/ بە فیچەرە نوێکانیشییەوە، ببێتە توخمێکی تۆمارکراوی ناو فەرهەنگی زمان و ئەوکات واتا فراوانبووەکەی وشەکە هاوشێوەی واتا بنەڕەتییەکەی، لە چوارچێوەی سیمانتیکی فەرهەنگیدا پەسندەکرێت، بەوپێیەی "فراوانبوونی واتایی، پەرەسەندنی کرۆکەواتا نوێکەی یەکەیەکی فەرهەنگییە" (MATTHEWS, 2007, 33)، هەربۆیە واتاو زانیارییە نوێکانی وشەکە پەیکاڵی دروستە دەنگییەکە دەبن و دەبن بە بەشێك لێی، ئەمەش ڕێدەدات وشەکە لە فەرهەنگی ئاوەزیدا گەنجبکرێت.




٥. ڕەند دەفتەری بیرکارییەکەی پیشاندام.

٦. خانووەکەی ئەوان بە دوانزە دەفتەر فرۆشرا./ نرخی زەوییەکە، حەوت دەفتەرو ٣٠ گەڵایە.

٧. دەفتەرێك لە ١٠٠ گەڵا پێکدێت.

لە (٥)دا، وشەی /دەفتەر/ لە مەودای سیمانتیکی فەرهەنگیدا ڕاڤەدەکرێت، بەوپێیەی، بە کرۆکەواتاکەیەوە بەکارهاتووە، وەك نیشانە واتاییەکانی لە (٨)دا دەریدەخەن، بەڵام هەمان فۆرم لە (٦)دا، واتاکەی گۆڕاوە، لەمرووەشەوە، ئاوەزمەندیی و دونیابینیی کورد حوکمیکردووە، کە واتای /دەفتەر/ تێیدا فراوانبووەو بەرامبەر بە (١٠٠٠٠) دۆلاری ئەمریکی دێت (بڕوانە (٧))، پێوەری ئەم گۆڕینە واتاییەش، بنەمایەکی لۆجیکیی هەیەو لەواقیعدا بە خەسڵەتی واتا فەرهەنگییەکەی /دەفتەر/ەوە بەستراوەتەوە، کە لێکچوونی کەمەکیی نێوان واتا بنەڕەتییەکەی وشەکەو واتا فراوانبووەکە، بۆ زۆریی ژمارەی لاپەڕەکانی /دەفتەر/ دەگەڕێتەوە، ئەژمارکردنی بڕی (١٠٠٠٠) دۆلاریش، بە (١٠٠) گەڵا_ وەرەقە_ دیاریدەکرێت (بڕوانە نیشانەکانی واتا فراوانبووەکەی /دەفتەر/ لە (٩)دا)، لەم ڕوانگەیەوە، قسەکەر بۆ گەیاندنی زانیارییەکەی، فۆرمی /دەفتەر/ دەردەبڕێت، کە لە کەلتووری کورددا پەیوەست بە دراوە بیانییەکانەوە، ئەو نرخ و بەهایەی دراوەتێ، هەربۆیە ئاخێوەر

لە گفتوگۆی نافەرمیدا بەتایبەت، زووتر دەستی بە برە زانیارییەکە دەگات، بێئەوەی لە پرۆسەی جفرە_لێکدانەوەی کۆدەکاندا لەلایەن گوێگرەوە، هیچ گرفتێکی تێگەیشتن بێتەئاراوە.

کرۆکەواتای بنەڕەتیی

٨. /دەفتەر/
+ بەرجەستە
+ تیانووس
+ لاپەڕە
+ دیاریکراو

فراوانبوونی کرۆکەواتا

٩. /دەفتەر/
+ بەرجەستە
+ دراوی بیانیی
+ بەهای ١٠٠٠٠ دۆلار/ ١٠٠ گەڵا
_ تیانووس
+ دیاریکردن/ وردکردنەوە
+ ژماردن

**٣/١_٢ تەسکبوونەوەی واتایی لە سیمانتیکی فەرهەنگیدا**

یەکێك لە ڕێگا بەپێزەکان لە دیاردەی گۆڕانی واتاییدا، تەسکبوونەوەی واتایە، کە بەپێچەوانەی فراوانبوونی واتاییەوە، دیاردەکە بۆ کەمکردنەوەو سنووردارکردنی مەودای سیمانتیکیی وشەکانە لە بەکارهێنانێکی گشتیی بەربڵاو و فراوانەوە بۆ بەکارهێنانێکی تایبەتیی دیاریکراو، بەجۆرێك "وشەیەك واز لە واتا گشتییەکەی خۆی دێنێ و پسپۆری لە واتایەکی تەسکتردا پەیدادەکات، لەوانەشە وشەکە هەردوو واتاکەی بپارێزێ لەهەمان کاتدا". (فتاح، ٢٠١١، ١٢٨) (بڕوانە (١٠)). ئەمەش کاتێك ڕوودەدات، کە لەسەر بنەمای فیچەرە بنەڕەتییەکانی وشەکە، بە تێپەڕبوونی کات و بۆ پڕکردنەوەی کەلێنی فەرهەنگیی، هەندێك فیچەری واتایی تر بۆ بەکارهێنانە نوێکەی وشەکە زیاددەکرێت، ئەم گۆڕانە واتاییەش، لە چوارچێوەی سیمانتیکی فەرهەنگیدا دەستەبەردەبێت، بەوپێیەی، پەیوەندیی واتایی لەنێوان بەشێك لە کرۆکەواتای وشەکەو واتا نوێ وەرگیراوەکەیدا دەمێنێت و دابڕاو نین، بە دەربڕینێکی تر، ڕایەڵی واتایی لەنێوان هەردوو فۆرمەکەدا دەمێنێت.

١٠_أ. ئەمڕۆ حزبەکان هەر خەریکی گەندەڵین.
ب. گەندەڵیی ئابووریی، زیانی بە ژێرخانی ئابووریی هەرێم گەیاندووە.
پ. بەرپرسێکی باڵا، بەهۆی گەندەڵیی کارگێڕییەوە لەسەر کار لابرا.

لە (١٠_أ)دا، کەرەستە هێڵ_بەژێرداهێنراوەکەی وشەی /گەندەڵ/، واتا فەرهەنگییەکەی، لە بنەڕەتدا کلۆربوونی دار، یان "داری ڕزیو (هەژار، ١٣٨٨، ٧٣٦) دەگەیەنێت، پاشان پەیوەست بەو فیچەرە واتاییانەی وشەی /گەندەڵ/ەوە، کە لە (١١)دا دیاریکراون و بەهۆی بوونی کۆزانیاریی واتایی ئاخێوەری کوردەوە بۆ وشەکە، واتاکەی بۆ (مرۆڤی گەندەڵ، کارگێڕیی گەندەڵ، دەسەڵاتی سیاسیی گەندەڵ...هتد) وەرگیراوە، بەوەش سنوری واتایی وشەکە لە سیمانتیکی فەرهەنگیدا، بۆ بوارێکی دیاریکراو تەسکبووەتەوە، ئەمە بووەتەهۆی ئەوەی، لە ئێستادا وشەکە وەك زاراوەیەکی بواری (سیاسی) (بڕوانە (١٠_أ)) و پاشان بوارەکانی (ئابووریی و کارگێڕی) (بڕوانە (١٠_ب،پ))، بەکاربهێنرێت، هەربۆیە لە

بەکارهێنانە نوێکەیدا وەك زاراوە، بەگشتی ئەو فیچەرانەی دەبێت، کە لە (١٢)دا خراونەتەڕوو، بەوەش، وشەکە بە واتا تەسککراوەکەیەوە، کاردانەوەی نەرێنیی لە سایکۆلۆژیی تاکدا دروستکردووە.

١١. کرۆکەواتای بنەڕەتیی

+ وشە
+ واتای نێگەتیڤ
+ داری رزیو
+ ناوەڕۆك بۆش
+ قەدی کلۆر
+ بێکەڵك

/گەندەڵ/

١٢. تەسکبوونەوەی کرۆکەواتا

+ زاراوە
+ واتای نێگەتیڤ
+ ناوەڕۆکی بەتاڵ
- ڕەفتاری دروست
- پلانی دروست
+ بەهەدەردانی سامانی گشتیی
+ کاریگەریی نەرێنیی

ڕوونکردنەوەکان ئەو ئەنجامە بەدەستەوە دەدەن، کە: (أ) ڕایەڵەی واتایی لەنێوان هەردوو بەکارهێنانە بنەڕەتی و نوێکەی وشەکەدا، بە مانەوەی بەشێك لە خەسڵەتی سیمانتیکیی لێکسیمەکە دروستدەبێت. (ب) تەسککردنەوەی واتایی، هۆکارێکە بۆ بەرهەمهێنان و هێنانەئارای زاراوە لە زماندا. بەوپێیەی "واتا تەسك بوونەوە دەورێکی سەرەکیی گەورە لە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگیی لەڕووی زاراوە زانستیەکاندا دەبینێت لە زماندا". (محەمەد، ١٩٩١، ٧٨)، هەربۆیە ئەم فیچەرە نوێیانە، وشەکە بە چەمکە نوێکەیەوە وەك زاراوە وێنادەکەن، ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە وەك گوترا، تەسکبوونەوەی واتایی، لێکەوتەی دەستبەردابوونی وشەیەکە لە واتا گشتییەکەی و لەبەرامبەریشدا وەرگرتنی تایبەتمەندییە لە واتاو مەودایەکی دیاریکراودا.

١٣. /مەكۆ

واتای سیمانتیكی نموونەی (١٣)، لە فەرهەنگی هەمبانەبۆرینەدا بەمجۆرە ڕاڤەكراوە: "١. جێگەی كۆبوونەوەی خەڵك. ٢. جێگەی بەسەریەكاكراوی شت، كۆگا" (هەژار، ١٣٨٨، ٨٣١). دواتر وشەكە بەپێی پێویستی و بۆ ناونانی شوێنی كۆبوونەوەی سیاسیی حزبێكی دیاریكراو، تایبەتمەندیی وەرگرتووەو واتاكەی تەسكبووەتەوە، بەجۆرێك لەئێستادا فۆرمی /مەكۆ/، وەك زاراوە بۆ ناونانی بارەگایەكی سیاسیی بەرامبەر بە زاراوەكانی (كۆمیتە، ناوچە) بەكاردێت، بڕوانە {مەكۆی گۆڕان}. كەواتە تەسكبوونەوەی واتای نوێی /مەكۆ/ وەك یەكەیەكی فەرهەنگیی، لە ئاستی سیمانتیكدا ڕاڤەدەكرێت، بنەمای سنورداركردنی ئەم مەودا واتاییەش لەوەوە سەرچاوەیگرتووە،كە هەروەك لە ئاماژەپێدانەكەی سەرەوەدا دەردەكەوێت، واتای وشەكە لە هەردوو بارەكەدا فیچەری [+كۆكردنەوە] تێیاندا هاوبەشەو لێكچوونێكی بەشەكیی لەنێوانیاندا دروستكردووە، بۆیە هەر بەو فیچەرەوە لەفەرهەنگی ئاوەزیی ئاخێوەری كورددا هەڵگیراوە، بەوەش ناوەڕۆكی وشەكەو زانیاریە دونیاییەكەی پێكەوە، بوونەتە پێوەرێكی لۆجیكیی دروست، تا لەناونانی شوێنی گردبوونەوەی ئەندامانی سیاسیی سەر بە حزبێكدا، سوودی لێوەربگیرێت، ئەوەش ڕوون و ئاشكرایە، كە وشەكە لە واتا نوێكەشیدا هاوشێوەی كرۆكەواتا فەرهەنگییەكەی، چەمكی (كۆكردنەوە) تێیدا پارێزراوەو وەك گوتراش، هەر ئەوە بووەتە بنەمای وەرگرتنەكەی بەواتایەكی نوێوە.

نموونەكان ئەو ڕاستییە دەردەخەن، كە (أ) لە دیاردەی تەسكبوونەوەی واتاییدا، وشە نوێكە لەڕووی گۆكردنەوە دەرفەتی بەكارهێنانی زیاتری بۆ دەڕەخسێت (بڕوانە (١٠))، لەمەشدا، پێویستیی گۆڕانی كرۆكەواتاكە، هۆی كارابوون و زاڵبوونی واتا نوێكە دەبێت، سنووروو مەودای ئەم گۆڕانە واتاییەش، سیمانتیكی فەرهەنگیی دیاریدەكات. (ب) پەیوەست بەو گۆڕانە واتاییەوە، پێشبینیدەكرێت وشە واتا_تەسككراوەكە وەك توخمێكی فەرهەنگیی تۆماربكرێت، بۆئەمەش بڵاویی بەكارهێنانی وشەكە لای ئاخێوەری زمان، یەكلاكەرەوەیە، هەروەك /گەندڵ/، كە لەئێستادا بووەتە زاراوەیەكی باوو ڕۆشتووی ناو كۆمەڵ، تەنانەت چالاكیی بەكارهێنانی و ئاشنایەتیی ئاخێوەری كورد پێی، هۆكارە بۆئەوەی، زاراوەكە مەیلی بوون بە وشەی ئاسایی ناو فەرهەنگی كوردیی هەبێت، هەمبەر بەوە، پێدەچێت ئەم وشانە بە واتا بنەڕەتییەكەیانەوە كەمتر بەكارهێنانیان هەبێت، یاخود گەر هەشبن، سنووردارو دەگمەن بن.

**١/٢ وشە پەیوەست بە پراگماتیكەوە**

زمانەوانان لە لێكۆڵینەوەكانیاندا لەبارەی فەرهەنگی ئاوەزییەوە، بەگشتی جەخت لەوە دەكەنەوە، فەرهەنگ كۆی ئەو زانیاریانە لەخۆدەگرێت، كە ئاخێوەری زمان بۆ بەرهەمهێنانی ڕستەی ڕاست و دروست پێویستیەتی، ئەوانیش زانیاریە (فۆنۆلۆژیی، مۆرفۆلۆژیی، سینتاكسیی و واتایی)یەكانن. بڕوانە: (سەعید، ٢٠١٩). هەروەك پەیوەست بە سیمانتیكیشەوە ئەوە خراوەتەڕوو، كە "وشەنامە بە ئەنالۆژیی فەرهەنگەكەی مێشكمان تەنها واتای سیمانتیكی و ئەوكۆزانیاریە دنیاییەی بەشێكن لە واتای سیمانتیكی لەخۆدەگرێت و بەدەرە لە تۆماركردنی زانیاری و كۆزانیاریی پراگماتیكی" (ئەحمەد، ٢٠١٣، ٣٤)، بەمپێیە بێت، كەواتە: (أ) وشەنامە، بەگشتیی تەنها وشەو واتا فەرهەنگیی_سیمانتیكییەكانی تێدا تۆماردەكرێت، لەكاتێكدا فەرهەنگی ئاوەزیی، بە گۆگای هەمیشەیی وشە زانراوەكان دەناسێنرێت و وەك گوترا، زانیاریی زمانیی لەبارەی تاكە تاكەی وشەكانەوە تێدایە، ئەو زانیاریانەی بۆ بەكاربردنی وشەكان بەشێوەیەكی ڕێكوپێك و ڕێكخراو، پێویستن. بڕوانە: (Cruse, ٢٠٠٦, ١٠٤), (Lieber, ٢٠١٢, ١٥)، (ب) بەپشتبەستن بە خاڵی (أ)، پراگماتیك لایەنێكی پەراوێزخراوی ناو فەرهەنگی ئاوەزییەو بەوەش بە یەكێك لە میكانیزم، یان ڕێگا باوەكانی گەشەكردنی فەرهەنگ دانەنراوە، بۆیە نەبووەتە مەودای تۆماركردن و بەرجەستەكردنی كۆزانیاریی پراگماتیكیی، كە دەرئەنجامی بەكارهێنانە و زانیارییە دونیاییەكە ئاوێتەبیووە.

ئەگەر سیمانتیك، وەك زانستی لێكۆڵینەوە لەواتای فەرهەنگیی وشەو پەیوەندییە واتاییەكانی نێوانیان بناسێنرێت، ئەوا لەبەرامبەردا پراگماتیك خۆی بە لێكۆلینەوە لە هەڵهێنجانی واتاو مەبەستی وشەو دەربڕاوە زمانییەكانەوە خەریكدەكات.

١٤. فەرموو دەرگاكە لەدواتەوە كراوەیە.

نموونەی (١٤)، دەربڕینێكی پراگماتیكییەو تێیدا دەوروبەری وتنەكە، مەبەستە پراگماتیكییەكە دەردەخات، بەوەی مەبەست لێی، كردنەدەرەوەی گوێگرە، كەواتە دەوروبەر هۆكارو یارمەتیدەرە لەناسینەوەو دەرخستنی مەبەستەكەدا، هەربۆیە لەسەر ئاستی پراگماتیك لێكدەدرێتەوە.

## ٢/٢ پراگماتیكی فەرهەنگی

پراگماتیكی فەرهەنگی، ئەو وشانەن، كە هەڵگری زانیاریی دونیایین، بەجۆرێك ئەو زانیارییانە دەبنە زانیاریی هاوبەشی نێوان ئاخێوەران و لەوەشەوە هۆی ناسینەوەی وشەكان، ئەمەش ڕێدەدات وشەكان بەو بڕە زانیارییە پراگماتیكییەوە لە فەرهەنگدا تۆماربكرێن، لەكاتێكدا وەك پێشتر گوترا، ئەركی سیمانتیكی فەرهەنگی، تۆماركردنی كەرەستەكان بە فیچەرە سیمانتیكییەكانیانەوە لەخۆدەگرێت.

پراگماتیكی فەرهەنگی، وەك جۆرێكی دیكەی گۆڕانی واتایی پەیوەست بە وشەو لێكسەمەكانەوە بونیاتدەنرێت، ئەویش "بەهۆی پێكداچوونی لەگەڵ كلتورو ڕەهەندە كۆمەڵایەتییەكانی قسەكەردا ڕوودەدات و دەبن بە بەشێك لە پێكهاتە یان فۆڕمی وشەكە" (ئەورەحمان، ٢٠١٥، ٨٤)، هەربۆیە ناسینەوەی كەسێتیی وشەكە بە گۆڕانی واتایی و چەمكە نوێكەیەوە، بە پراگماتیكی فەرهەنگی دەناسێنرێت.

لەپراگماتیكی فەرهەنگیدا، كرۆكەواتای وشە بەرەو كاڵبوونەوە دەچێت، بەجۆرێك تایبەتمەندیی دەوروبەرو زانیاریی دونیاییەكە، دەبنە بەشێك لە چەمكە بنەڕەتییەكەی وشەكە. ئەمە پێماندەڵێت، واتای فەرهەنگیی وشەكە لەمبارەدا پشتگوێ و پەراوێزناخرێت، بەڵكو وابەستە لەگەڵ خەسڵەتی دەوروبەری وشەكەدا گرێدەدرێن و كارلێكدەكەن، بەوەش پێكداچوونی واتایی لە دروستەی وشەیەكی نوێدا ڕوودەدات و هەر بەو زانیارییە دونیاییە خراوەسەرەشەوە مەبەستە پراگماتیكییەكە دەگەیەنرێت، ئەم خەسڵەتە وەك ئەدگارێكی زمانیی گۆڕانە واتاییەكە، لە وشە واتا_گۆڕاوەكەدا ڕەنگدانەوەی دەبێت. بەمپێیە "ئامانج لە پراگماتیكیی فەرهەنگی، پیشاندانی حەقیقەتی ئەو چەمكانەیە، كە بەهۆی بەكارهێنانی وشەیەكەوە زۆرجار جیاواز لە واتا بەكۆدكراوەكەی هەمان وشە دەگەیەنرێت، بۆ ئەم مەبەستەش دەشێت ئەم چەمكە پتر تەسكتر، یان فراوانتر بكرێتەوە". (ئەحمەد، ٢٠١٣، ١١٥)

### ٢/٢_١ فراوانكردنی واتایی لە پراگماتیكی فەرهەنگیدا

پەیوەست بە گۆڕانی واتاییەوە لە سنوری پراگماتیكی فەرهەنگیدا، چەند تەكنیك و میكانیزمێك بۆ فراوانكردن و تەسككردنەوەی واتایی دیاریكراون، كە لە (میتافۆر، زیادەڕۆیی، گاڵتەجاریی)دا چركراونەتەوە (بشڕوانە: مەحویی، بەرگی یەكەم، ٢٠٠٩، ١٦١). هەروەك گرنگە ئاماژە بەوەش بدرێت، جیاوازیی سەرەكیی نێوان فراوانكردن و تەسككردنەوە لەوەدا دەردەخرێت، كە "لە تەسككردنەوەدا فیچەرە ناسراوەكانی دەروازەی لۆجیكی چەمكەكە دەپارێزرێت، بەپێچەوانەوە لە فراوانكردندا لانی كەم هەندێ لە فیچەرەكان لەكاردەخرێن" (ئەحمەد، ٢٠١٣، ١٢٨). بۆ نموونە لە ڕستەیەكی وەك >>ئەمڕۆ هەر مردم.<<دا، دەربڕینی/مردم/ زیادەڕۆیی تێداكراوەو جیاوازە لە واتا فەرهەنگییە سیمانتیكییەكەی، كە دەشێت پراگماتیكییانە مەبەست لە (كاركردنی زۆر)، یان (ماندووبوون) بێت، نەك [+ گیانلەدەستدان]، هەڵهێنجانی ئەم واتا جیاوازانەش، لێكەوتەو دەرهاویشتەی ژینگەی وتنەكەن و فراوانبوونی واتاییان بەرهەمهێناوە.

١٥. ئەمڕۆ ئەوەنە لەسەر كۆمپیوتەر ئیشمكردووە، كوێر بووم.

لە (١٥)دا، لێكسیمە هێڵ_بەژێرداهێنراوەكەی /كوێر/، بەهۆی تەكنیكی زیادەڕۆییەوە، واتایەكی پراگماتیكیی بەرهەمیهێناوە، ئەنجامی بەكارهێنان و گۆكردنیشی بە فیچەرەكانی [+ بینین، + ماندووبوونی چاو]ەوە، خەسڵەتی [+ نابینا] وەك فیچەری بنەڕەتیی بۆ پەسنی كرۆكەواتای وشەكە لە دەروازە فەرهەنگییەكەیدا ڕەتدەكاتەوەو فەرامۆشدەكات، ئەمەش سنوورو ئاراستەیەكی نوێ بۆ واتای وشەكە دیاریدەكات،

بەجۆرێك دەربڕینە نوێکەی لێکسیمی /کوێر/، چەمکەکەی بەرەو [+ ماندووبوونی چاو] دەبات و پێدەچێت ئەو واتا نوێیەش لەناو چەمکی وشەکەدا دیسپلینبکرێت، بە بەڵگەی ئەوەی، لەم بەرجەستەکردنەیدا واتا نوێکە زاڵ و باڵادەستەو بڕی زانیاریی پێویست دەدات، بێئەوەی کرۆکەواتاکە کاریگەریی بمێنێت، ئەمەش فراوانبوونی واتایی لە پراگماتیکی فەرهەنگیدا لێدەکەوێتەوەو پێشبینیی تۆمارکردنیشی دەکرێت.

هەر لەم ڕوانگەیەوە، هەندێك وشە لە زمانی کوردیدا بۆ پەسنکردن و نیشاندانی شێوەو ڕووخساری مرۆڤ بەکاردەهێنرێن، بەجۆرێك زیادەڕۆیی لە وێناکردن و دەربڕینی واتاکانیان، یان پێدانی نرخ و بەرزکردنەوەی بەهاکانیاندا دەکرێت، بەپێچەوانەشەوە، دەشێت زیادەڕۆییەکە بە کەمکردنەوەی جوانی و بەهای ئەندامی وەسفکراو/ ئاماژەبۆکراو بێت. لەمڕووەوە پێشتر ئەوە خرایەڕوو، کە (زیادەڕۆیی)، یەکێکە لە پێوەرو بنەماکانی بەرهەمهێنان و خوڵقاندنی واتای پراگماتیکی فەرهەنگیی وشەو لێکسیمەکان، هەربۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت، ئەو وشەو دەربڕاوانە، حوکمی پراگماتیکی فەرهەنگییان هەبێت. لەمبارەیەوە، گەر زیادەڕۆییکردنەکە بۆ بەرزکردنەوەو نرخپێدانی بەهای واتایی کەرەستە ئاماژەبۆکراوەکە بێت، ئەوا ئاراستەی گۆڕینە واتاییەکە بەرەو فراوانکردنی واتایی هەنگاودەنێت (بڕوانە (١٦، ١٧))

١٦. لێوقەیتانی

١٧. دەم نوقوڵ

لێکسیمەکانی /قەیتانی/ لە (١٦)و /نوقوڵ/ لە (١٧)دا، بەشێوەیەکی ئەرێنیی، وەسفی بەشێك لە شێوەو ڕووخساری مرۆڤیان کردووەو نرخیانپێداوە، خستنەپاڵی ئەم سیفەتانەش لە هەردوو نموونەکەدا، بەپێی کەلتوورو لەکۆمەڵگای کوردیدا بۆ ڕەگەزی مێن، بەجۆرێك، کە لە (١٦)دا باریکیی /لێو/و لە (١٧)شدا شێوەی /دەم/یان بەهۆی بچووکیی نوقڵەوە دەرخستووە، ئەمجۆرە خستنەڕووە لە ئاوەزمەندیی کورددا پەرچەواتایەکی ئەرێنیی هەیە، هەربۆیە بۆ وەسفکردن و جوانیی_بەخشین بەکاردەهێنرێن. لەڕاستیدا هەبوونی بنەمای زیادەڕۆیی لەم وێناکردنانەدا، فراوانکردنی واتایی لە چوارچێوەی پراگماتیکی فەرهەنگیدا لێکەوتووەتەوە، بەوەش ئەو کۆزانیارییە دونیاییانە دەشێت ببنە بەشێکی لێکسیمەو لە دەروازەی زانیاریی وشەکاندا تۆماربکرێن.

هەر پەیوەست بە فراوانکردنی واتاییەوە، تاقیکردنەوەی لێکسیمی /ئاوێنە/ لە >>تەباخەکە/ جامی سەیارەکەی کردووە بە ئاوێنە.<<دا، کە بۆ نیشاندانی پاکیی و ڕەونەقە، بە واتا پراگماتیکییەکەیەوە هاوشێوەی نموونەکانی پێشوو شیدەکرێتەوە.

لەلایەکی دیکەوە، (لەسکەدان)یش، وەك میکانیزمێکی دیکەی هێنانەئارای پراگماتیکی فەرهەنگیی لە مەودای فراوانکردندا لەقەڵەمدەدرێت. ئەمەش هەموو ئەو وشە نوێیانە دەگرێتەوە، کە فۆڕم بۆ ناوی کۆمپانیاو بەرهەمە بازرگانییەکان دادەڕێژن، بڕوانە /تایت، کلینێکس...هتد/. هاوکات، "ئەو ئایتمە لێکسیکییە نوێیانەی، کە لە ناوی تایبەتییەوە دادەهێنرێن، گەلێك جار لە ئەنجامی "واتا_فراوانبوون" extension in the meaning دا دروستدەبن" (مەحوبی، ٢٠١٠، ١٥٧). هەروەك وشەکانی /فیرعەون/ لە (١٨)و /ئەفلاتون/ لە (١٩) و /ترەمپ/یش لە (٢٠)دا، فۆڕمی لەسکەدراون و لەبواری فراوانکردندا کاریگەرییان هەیەو وەك پراگماتیکی فەرهەنگیی گۆدەکەن. لەناو نەتەوەی کوردیشدا، بەکارهێنانی /ئۆجەلان/ بەمەبەست، دەکرێت وەك دیاردەی فراوانکردنی واتایی لە سنوری پراگماتیکی فەرهەنگیدا لێکبدرێتەوەو مامەڵەبکرێت (بڕوانە (٢١)).

١٨. هەتا ئەم فیرعەونانە حوکمبکەن، حاڵمان لەوە باشتر نابێت.

١٩. خۆی بە ئەفلاتون ناگۆڕێتەوە.

٢٠. لێمان بۆتە ترەمپ.

٢١. کورد چوار ئۆجەلانی تری تێدا بووایا، دەمێك بوو ببووە خاوەنی کیانی خۆی.

تێبینیدەکەین، لە نموونەی (١٨)دا /فیرعەون/ بەو بەکارهێنانەیەوە، پەرچەواتایەکی نەرێنیی لای گوێگر دەبێت، بەوپێیەی وشەکە لە بنەڕەتدا بە نیشانەکانی [+ هێز، + دەسەڵات، + خوداوەند، + زەبروزەنگ، + دیکتاتۆر، + خۆبەگەورەزان]ەوە کەسێتیی (فیرعەون) دیاریدەکەن، کە لەناویاندا نیشانەی [+ زەبروزەنگ] وەرگیراوە پراگماتیکییانەو بە مەبەست بۆ شکاندنی کەسێتیی هەندێك لە دەسەڵاتدارانی کورد بەکارهێنراوە، لەمەشدا گەر (پەرچەواتا، زەقکردنەوەی یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی یەکە زمانییەکە) بێت. (ئەورەحمان، ٢٠١٥، ٩٠)، ئەوا زەقکردنەوەو دەرخستنی یەکێك لە نیشانە واتاییەکانی وشەکە، پەرچەواتا لای گوێگر دروستدەکات و لەلایەکی تریشەوە، وەك تێکردەی پراگماتیکی فەرهەنگیی گۆدەکات. بڕوانە /دڕندە/ لە ڕستەی >>ئەمانە دڕندەن، بۆیە وا خەڵك دەچەوسێننەوە.<< دا و بە نموونەی (١٨) بەراوردیبکە!

**٢_٢/٢ تەسککردنەوەی واتایی لە پراگماتیکی فەرهەنگیدا**

وەك پێشتر گوترا، تەسککردنەوە بە چەشنێکی دیکەی جۆرەکانی گۆڕانی واتایی دیاریکراوە، کە پرۆسەیەکە "ئاماژە بە سنوردارکردنی واتای توخمە فەرهەنگییەکان دەکات" (Crystal, ٢٠٠٣, ٣٠٧)، بەجۆرێك واتا نوێکەی وشەکە، ڕووبەرێکی واتایی مەودا بەرتەسکترو سنوردارتر دادەپۆشێت بەبەراورد لەگەڵ واتا فەرهەنگییە بنەڕەتییەکەیدا، "مەودای چەمکی پێکهاتەیەك بەشێوەیەکی پراگماتیکی، بەشێکە لە مەودای چەمکی فەرهەنگیی، کە گوێگر بەهۆی دەستپێداگەیشتنی ئەو بەشە زانیارییە لە دەوروبەرێکی دیاریکراودا هەڵیدەهێنجێت" (ئەحمەد، ٢٠١٣، ١١٤)، بەوەش چەمکی وشە تەسککراوەکە لە چوارچێوەی بەکارهێنانە پراگماتیکییەکەیدا لە چەمکی کرۆکەواتاکەی دادابڕێت، بەڵکو لایەنیکەم فیچەرێکی سیمانتیکیی واتا فەرهەنگییەکە وەك پرنسیپی گەیاندنی زانیارییە دونیاییەکە وەردەگیرێت و دەخزێنرێتەناو واتا نوێکەوەو بۆ گەیاندنی مەبەستێکی دیاریکراو دیسپلیندەکرێت، ئەوکات گوێگر لەلایەك بەهۆی بەستنەوەی چەمکی وشەکە بە مەرجی ڕاستەقینەوەو لەلایەکی تریشەوە بە خستنەگەڕی کۆزانیاریی دونیایی، کۆدە نوێکە بەواتا تەسککراوەکەیەوە لێکدەداتەوەو دەستی بە واتا پراگماتیکییەکە دەگات.

٢٢. جانتایەکی ڕەشم کڕی.

٢٣. ڕەشێك ئیشیان بۆ ئەکات. ~ فلیپینییەك/ بەنگلادیشییەك ئیشیان بۆ ئەکات.

ئەگەر سەرنجبدەین، لە نموونەی (٢٢)دا لێکسیمی /ڕەش/ بە کرۆکەواتا دیاریکراوەکەی خۆیەوە گۆیکردووە، کە خاوەنی فیچەرەکانی [+ ڕەنگ، + بینین، + مارکەلێدراو]ەو هەر بەو فیچەرانەشەوە وەك یەکەیەکی تۆمارکراوی فەرهەنگیی هەڵگیراوە، بەڵام دواتر پەیوەست بە پێویستیی کۆمەڵایەتییەوە، گۆڕانی واتایی بەسەردا هاتووە، بەجۆرێك لە (٢٣) دا واتای {ڕەشێك}، ئاماژە بە {خزمەتکارێکی بیانیی} دەکات، وەك (فیلیپینی و بەنگلادیشی)، ئەوانەی، بەفەرمی و بەمەبەستی پەیداکردنی نان و بژێویی، بۆ ئەرکی کارگوزاریی، هاتوونەتە هەرێم. ئەم کارگوزارانە، ڕەشیی ڕەنگی پێستیان هۆکار بووە بۆ پرکردنەوەی ڕووبەرێکی چەمکیی لەلایەن ئاخێوەری کوردەوە، کە بە گۆڕانی واتایی ئەنجامدراوەو گۆڕانەکەش لە تەسککردنەوەی واتاکەیداو بەهۆی زیادکردنی فیچەری واتایی دیکەوە، کە فیچەری دونیایین، ڕەنگیداوەتەوە، سەرباری وابەستەیی واتا تەسککراوەکە بە فیچەرە سیمانتیکییە فەرهەنگییەکانی وشەکەوە (بڕوانە نواندنی فیچەرەکانی لە (٢٤)دا).

جێی سەرنجە، تەسککردنەوەی واتایی وشەی /ڕەش/ لە (٢٣)دا، لەسەر ئاستی پراگماتیکی فەرهەنگیی لێیدەڕوانرێت، نەك سیمانتیکی فەرهەنگیی، هۆو پاساوی ئەمەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە ئەم بەکارهێنانە، ژینگەو بارودۆخێکی دیاریکراو دروستیکردووە، بەواتا ئەو

زانیاریانەی، ڕۆڵیان لە گۆڕین/ تەسککردنەوەی واتای وشەکەدا هەیە، زانیاریی دونیایین و دەوروبەرە کۆمەڵایەتییەکە خوڵقاندووَنی.

٢٤. /ڕەشێك/

+ واتای تەسککراوە
+ مرۆڤ
+ ڕەشپێست
+ کارگوزار
+ کەمکردنەوەی بەها

تاقیکردنەوەی لێکسیمی /ڕەش/ لە (٢٣)دا، هۆوهاندەرو ڕێخۆشکەرە تاوەکو زانیارییە پراگماتیکییەکانی وشەکە، کە بە نیشانەی واتایی نوێنراون، ببنە بەشێك لە خەسڵەتەکانی ناسینەوەی وشەکەو لە دەروازە فەرهەنگییەکەیدا تۆماربکرێن. ئەمەش دەرفەتی ئەوەمان دەداتێ، بەپێچەوانەی ئەو بۆچوونانەی پێشتر لەمڕووەوە لەئارادابوون، لایەنی پراگماتیکیش، هاوشێوەی لایەنە سیمانتیکییەکە، بە یەکێك لە ڕێگاو میکانیزمەکانی زەنگینکردن و فراوانکردنی فەرهەنگی زمان دیاریی و دەستنیشانبکەین. بەوەش، ئەم گۆڕینە واتاییە بە زیادکردنی هەندێك فیچەری دیکە، کە واتایەکی نێگەتیڤیان بە وشەکە بەخشیوە، هۆکارن بۆئەوەی، هەلی تەسککردنەوەی واتایی لە مەودای پراگماتیکی فەرهەنگیدا بۆ وشەکە بڕەخسێنن، بۆیە وەك گوترا، گریمانەدەکرێت ئەم فیچەرانە لەناو دروستەی وشەکەدا بتوێنەوەو بەهۆیانەوە پێشبینیی ناسینەوەی واتا نوێکەی لێکسیمەکە بکرێت.

٢٥. چییە، تۆش ئەڵێی سەرخۆشیت !

٢٦. ئەوەندە سەرخۆش بوو، ئەکەوت بەملاولایا.

قسەپێکەری زمانی کوردی، کاتێك لێکسیمی /سەرخۆش/ بەمەبەستی پراگماتیگی فەرهەنگیی بەکاردەهێنێت، کە مەبەست لێی، گاڵتەجاڕی و تەوس بێت، ئەویش میتافۆریانە بەواتای (بێئاگابوون لەوەی ڕوودەدات و لە دونیادا دەگوزەرێت، یاخود بێهێزی و بێتوانایی جەستەیی و بەملاولادا کەوتن). کەواتە مەبەستە پراگماتیکییەکەی ئەم بەکارهێنانە ئەوەیە (ئەو زانیارییەی تۆ دەیدەیت، ڕاست نییە، یان جووڵەی جەستەییت ڕێك و وەك مرۆڤی ئاسایی نییە، بۆیە لە سەرخۆش ئەچیت) (بڕوانە (٢٥))، کەچی نموونەی (٢٦) هەمبەر بە (٢٥)، هەڵگری لێکدانەوەیەکی جیاوازە، چونکە ڕاڤەکردنی سیمانتیکیانە بۆ نموونەکە دەستدەدات.

شیکردنەوەی (٢٥) ئەوە دەردەخات، کە لێکسیمی /سەرخۆش/ لە بەکارهێنانە پراگماتیکییەکەدا، کرۆکەواتاکەی بە فیچەرەکانی [+مەستی، +بێئاگایی] یەوە وەلاناون و دەستبەردارایانبووە، بەڵکو وشەکە میتافۆریانەو بەمەبەست بەکارهێنراوە خەسڵەتی [- مەستی، + بەئاگایی] ی بۆ زیادکراوە، ئەمەش لە واقیعدا لەگەڵ مەرجی ڕاستەقینەی (مرۆڤێك، کە ماددە ئەلکهولییەکان/ کحولییەکان بخواتەوە)، یەکناگرێتەوە، ئەم بەکارهێنانەش، بووەتە تێکردەی تەسککردنەوەی واتایی لە ئاستی پراگماتیکی فەرهەنگیدا، چونکە کۆزانیارییە دونیاییەکە وەك بەشێك لە وشەکە لێیدەڕوانرێت، بۆیە گریمانەی ئەوە دەکرێت (أ) زانیارییە پراگماتیکییەکان ببن بە بەشێك لە فەرهەنگی ئاوەزیی تاك. (ب) وشە واتا تەسککراوەکەش بەم فیچەرە خراوەسەرانەو بە زانیارییە پراگماتیکییەکانییەوە، لە فەرهەنگدا هەڵبگیرێت، ئەوکات دەبن بە یەکەی تۆمارکراوی فەرهەنگیی بە واتای نوێوە. هاوکات بشڕوانە {نەخەوتووی} لە >>هەست ئەکەم باش نەخەوتووی!<<و {خواردووتەتەوە} لە >>چییە تۆش ئەڵێی خواردووتەتەوە! <<دا، کە تارادەیەکی زۆر هەمان لێکدانەوەی پراگماتیکیانەی (٢٥) هەڵدەگرن بەمەبەستی جیاوازەوە.

کەواتە دەسەڵاتشکانەوەی ئاخێوەر بەسەر زمانەکەیدا، ڕێگەیدەدات بەپێی دونیابینیی و کۆزانینی دەوروبەر، بۆ پڕکردنەوەی بۆشایی چەمکیی، تەسککردنەوە پەیوەست بە گۆڕانی واتاییەوە لەمەودای پڕاگماتیکدا بخولقێنێت، بەوەش کەرەستەو توخمی نوێ بە واتای پڕاگماتیکییەوە فەراهەمبهێنێت، کە وەك یەکەیەکی پێچراوەی بەستراو بە ناوەڕۆکە چەمکییەکەیەوە، دەنوێنرێت و بۆ بەخشکەیی دەربڕینی مەبەست گۆدەکات، لەبەرامبەریشدا، گوێگر بەهۆی هەبوونی بڕە زانیارییە دونیاییەکەیەوە، توانای جفرەلێکدانەوە_دیکۆدکردن_ی یەکە نوێکەی دەبێت.

٢٧. دوێنێ سەر چوارگۆشەیەکم بینی، لە ئەو ئەچوو.

بەکارهێنانی میتافۆرییانەی چەمکی /چوارگۆشە/ لە نموونەی (٢٧)دا، هەڵگری پەرچەواتایەکی نەرێنییەو بەهەمان شێوە پڕاگماتیکی فەرهەنگیی بەرهەمهێناوە، کە بەهۆی تەکنیك و میکانیزمی (گاڵتەجاڕیی)یەوە دەستەبەربووەو تێیدا لێکسیمەکە واتا فەرهەنگییەکەی لەدەستداوەو بۆ مەبەستی دیکە بەکارهێنراوە، ئەمەش لەوڕووەوە بە تەسککردنەوەی واتایی دادەنرێت، کە واتای لێکسیمەکە بۆ کەمکردنەوەی بەهای واتایی بەش/ ئەندامێکی جەستەی مرۆڤ بەکارهاتووە.

وێرای ئەو نموونانەی تاقیکرانەوە، دەبینین وشەکانی /سەبەتە/ لە /سەر سەبەتە، قژ سەبەتە/، /زورنا/ لە /لووت زورنا/، /لەتکەنۆك/ لە /چاو لەتکەنۆك/و /چەکمەجە/ لە /دەم چەکمەجە/دا، بەهەمان شێوە زیادەڕۆییان لە خستنەڕوو و نیشاندانێکی گاڵتەجاڕییانە تێدا کراوەو بەوەش هەمان شیکردنەوەکانی سەرەوەیان دەبێت.

بەمپێیە، پشتبەستن بە شیکردنەوەی نموونەکان لەسەر ئاستی سیمانتیکی فەرهەنگیی و پڕاگماتیکی فەرهەنگیی لە گۆڕانی واتاییدا، هێڵی سەرەکیی جیاوازیی نێوان فراوانکردن و تەسککردنەوەی واتایی دەکێشن و ئەوە دەسەلمێنن، کە لە فراوانکردنی واتاییدا، هەندێك لە خەسڵەت و فیچەرەکانی ناسینەوەی کەسێتیی لێکسیمەکە، سڕەکرێن و دەرکەوتن و گۆکردنی واتاییان نامێنێت، بەڵکو فیچەرە نوێکانی واتا فراوانکراوەکە، دەبنە جێگرەوەو ئەلتەرناتیڤ و وەك فیچەری دەرکەوتوو/ دیار، زاڵدەبن و سیمانتیکیانە، یان پڕاگماتیکیانە، چەمکە نوێکە دەگەیەنن، بەپێچەوانەوە تێبینیدەکرێت، وشە واتا_تەسککراوەکە بەتەواوی دەستبەرداری فیچەرەکانی کرۆکەواتاکەی نابێت، بەڵکو لە واتا گۆڕاوە سیمانتیکیی و پڕاگماتیکییەکەشیدا، وێرای وەرگرتن و تێئاخنینی هەندێك خەسڵەتی نوێی دیکە، پارێزگاریی لە بوون و مانەوەیان دەکات. کەواتە بەشێوەیەکی گشتی، (أ) فراوانکردن و تەسککردنەوەی واتایی لە مەودای پڕاگماتیکی فەرهەنگیدا، واتا نوێکەیان، وابەستەی بەشێك لە کرۆکەواتای لێکسیمەکە دەبێت، لەکاتێکدا لە سیمانتیکی فەرهەنگیدا، وێرای واتا نوێکە، کرۆکەواتای لێکسیمەکان پارێزراو دەبن. (ب) فراوانکردنی واتایی، زۆرجار بەکارهێنانێکی پڕاگماتیکییانەی ئەرێنیی_پۆزەتیڤ_ی دەبێت، هەمبەر بەمە، تەسککردنەوەی واتایی، بەگشتی ئاڕاستەی دەربڕینی چەمکی نەرێنیی و کەمکردنەوەی بەهای ئاماژەبۆکراوەکان دەستەبەردەکات، ئەمە جگەلەوەی، لە تەسککردنەوەی واتاییدا، هەندێکجار فیچەرە نوێکان وشەکە بە چەمکە نوێکەیەوە وەك زاراوە وێنادەکەن، بەوپێیەی، تەسکبوونەوەی واتایی وشە، لێکەوتەی وەرگرتنی تایبەتمەندییە لە واتاو مەودایەکی دیاریکراودا.

## ئەنجام

**ئەنجامی توێژینەوەکە، لەم دوو خاڵەی خوارەوەدا دەخرێنەڕوو:**

١. کۆمەڵێك میکانیزم لەئارادان، کە وەك پێوەری سەرەکیی بەرهەمهێنانی پراگماتیکی فەرهەنگیی، پشتیان پێبەستراوە، ئەوانیش (میتافۆر، زیادەڕۆیی، گاڵتەجاڕیی)ن، کە جێبەجێکردنی هەر یەکێکیان، دەکرێت فراوانکردنی واتایی، یان تەسککردنەوەی واتایی لێبکەوێتەوە. لەمەشدا (أ) لە سیمانتیکی فەرهەنگیدا فراوانکردنی واتایی بەجۆرێکە، کە وشەکە بە هەردوو بەکارهێنانەکەیەوە لای ئاخێوەری کورد چالاك و باوە، ئەگەرچی نیشانەکانیان لەیەکجیاوازن، لەکاتێکدا لەپراگماتیکی فەرهەنگیدا، واتا نوێکە زاڵ و باڵادەستەو بڕی زانیاریی پێویست دەدات، بێئەوەی کرۆکەواتاکە کاریگەریی بمێنێت. (ب) تەسکبوونەوەی واتایی لە مەودای سیمانتیکی فەرهەنگیدا بەجۆرێکە، کە ڕایەڵەی واتایی لەنێوان هەردوو بەکارهێنانە بنەڕەتی و نوێکەی وشەکەدا، بە مانەوەی بەشێك لە خەسڵەتی سیمانتیکیی لێکسیمەکە دروستدەبێت. لە پراگماتیکی فەرهەنگیشدا، بەگشتی تەسکبوونەوەی واتایی، بە دەستبەرداربوونی وشەکە لە بەشێك لە کرۆکەواتاکەی و لە بەرامبەردا گۆڕین و زیادکردنی هەندێك فیچەری دیکە، کە فیچەری دونیایین، ڕوودەدات، سەربارى وابەستەیی واتا تەسککراوەکە بە بەشێك لە فیچەرە سیمانتیکییە فەرهەنگییەکانی وشەکەوە.

٢. پەیوەست بە خاڵی (١)ەوە، ئەو وشانەی بە واتا گۆڕاوەکەیانەوە بەرەو پراگماتیکی فەرهەنگیی هەنگاودەنێن، پێشبینیدەکرێت بە زانیارییە دونیاییەکانیانەوە مەیلی بوون بە لێکسیمیان هەبێت و بەوەش گریمانەدەکرێت وەك توخمی فەرهەنگیی، بەو واتا نوێیەیانەوە هەڵبگیرێن و ببن بە وشەی ناو فەرهەنگی کوردی، بەوپێیەی واتا پراگماتیکییەکەیان پێش واتا سیمانتیکییەکە دەگاتە گوێگر و هەرئەمەش وادەکات، واتای پراگماتیکیی باڵادەست بێت و وەك بەشێك لە زانیاریی واتایی وشەکە، دەرفەتی چەسپاندن و جێگیربوونی هەبێت.

## سەرچاوەکان


**بەزمانی کوردیی:**

**أ. کتێب:**

١.فتاح، محمد معروف، (٢٠١١)، زمانەوانی، چاپی سێیەم، بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر.

٢.مەحویی، محەمەدی، (٢٠٠٩)، زانستی هێما (هێما، واتاو واتالێکدانەوە)، زانکۆی سلێمانیی، بەرگی یەکەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانیی.

٣.مەحویی، محەمەدی، (٢٠٠٩)، زانستی هێما (هێما، واتاو واتالێکدانەوە)، زانکۆی سلێمانیی بەرگی دووەم، چاپخانەی پەیوەند، سلێمانی.

٤.مەحویی، محەمەدی، (٢٠١٠)، مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان مۆرفۆلۆژیی کوردیی، زانکۆی سلێمانیی، بەرگی یەکەم، سلێمانیی.

٥.هەژار، عبدالرحمن شرفکندی، (١٣٨٨)، هەمبانە بۆرینە، فرهنگ کردی_فارسی، چاپ ششم، تهران.

**ب. نامەی زانکۆیی (بڵاونەکراوە):**

٦.ئەوڕەحمان، ئالان محەمەد، (٢٠١٥)، پەرچە واتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٧.ئەحمەد، تریفە عومەر، (٢٠١٣)، پراگماتیکیی فەرهەنگی و پێکداچوونی پێکهاتەکانی، نامەی دکتۆرا، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٨.حەمەکەریم، نەریمان حەسەن، (٢٠١٥)، دروستەی سیمانتیك لە زمانی کوردیدا، نامەی ماستەر، سکوڵی زمان، زانکۆی سلێمانی.

٩.سەعید، سازان زاهیر، (٢٠١٩)، نواندنی سینتاکسیی لە زمانی کوردییدا، نامەی دکتۆرا، کۆلێژی زمان، زانکۆی سلێمانی.

١٠.محەمەد، عەبدوڵا عەزیز، (١٩٩١)، گۆڕانی واتای وشە، نامەی ماستەر، زانکۆی سەلاحەدین.

**بەزمانی عەرەبیی:**


١١. عزوز، احمد، (٢٠٠٢)، اصول تراثية في نظرية الحقول الدلالية، دمشق، سوريا.

١٢. عمر، أحمد مختار، (١٩٨٢)، علم الدلالة، مكتب دار العروبة للنشر و التوزيـع.


**بەزمانی ئینگلیزیی:**


13. Akmajian, A. & Demers, R. (1997), Linguistics An Introduction to language and communication, fourth Edition, MIT press, Cambridge, Massachusetts, England, London.

14. CRUSE, A. (2006), A Glossary of Semantics and Pragmatics.

15. Crystal, D. (2003), A dictionary of Linguistics and phonetics, 5th edition, Black well: Oxford.

16. Levinson, S. C. (1997), Pragmatics, twice, Cambridge University.

17. Lieber, R. (2012), Introducing Morphology, 3rd printing, Cambridge Introducing to Language and Linguistics, CAMBRIDGE UNIVERSITY PRESS.

18. MATTHEWS, P. H. (2007), Oxford CONCISE DICTIONARY OF Linguistics, Second Edition, OXFORD UNIVERSITY PRESS.


**پێگەی ئینتەرنێت:**


19. file:///C:/Users/Asia/Downloads/Documents/mscthesis.pdf